# داواکارییەکانی کورد لەعیراقی نوێدا چین؟

نووسینی: نەوشیروان مستەفا

رۆژنامەی (الشرق الاوسط) 2004/2/20

و: دلاوەر عوسمان

بەر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، وا چاکە هەندێك راستی روون بكرێتەوە"

یەكەم: مانەوەی كورد لەچوارچێوەی عیراقدا بەر لەهەر لایەنێكیتر لەقازانجی خۆیدایە.

ئاشكرایە كەقیبلەی موسڵمانانی جیهانو 2\3ی نەوتی دنیا لەخاكی عەرەبدایە، ئەوانیش خاوەنی پتر لە20 دەوڵەتنو دەسەڵاتێكی گەورەیان لەكۆڕو كۆبوونەوە نێودەوڵەتییە ئیسلامییەكانو رێكخراوی ئۆپێكو نەتەوەیەكگرتووەكاندا هەیە، بۆیە كاتێك كورد لەگەڵ قەومییەتێكی خاوەن هێزێكی سیاسیو ئابووریو كەلتووریو شارستانی گەورەی وەك عەرەب دەبن كەدەبنە پاڵپشتێك بۆ كورد، ئەوا ئەم كارە دەبێتە مایەی بەهێزكردنیان.

دووەم: كاتێكیش كورد دەبن بەدۆستو پشتیوانی عەرەب، ئەمە هێز بۆ عەرەب پەیدادەكات.

راستە كورد هیچ دەوڵەتێكی نییە، بەڵام پاش قەومییەتەكانی عەرەبو توركو فارس بەگەورەترین قەومییەت لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەقەڵەم دەدرێت.

قەومییەتەكانی عەرەبو توركو فارس سنووری هاوبەشیان نییە، ئەگەر هەشبێت ئەوا كەمە، كەچی سنووری سیاسی نێودەوڵەتی ئەم گەلانە بەكوردستاندا تێپەردەبێت، سەرچاوە گرنگەكانی ئاویش كەوتۆتە خاكەكەیانەوە. دابەشكردنی كورد بەسەر چەند دەوڵەتێكی گەورە كە لەناوچەكەدان، یاخود بەواتایەكیتر بەسەر زلهێزە ئیقلیمییەكاندا، دەكرێت ببێتە قولاییەكی ستراتیژی بۆ دروستكردنی پردێك بۆ دۆستایەتیو كۆكردنەوەی ئەم گەلانە لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی ناوچەكەو پێكەوەژیانی ئاشتیانەو گەشەسەندنی ئابووری كۆمەڵایەتی كەلتووریدا.

سێیەم: رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ هەموو دنیا گرنگە، لەبەر چەندین هۆكاری ستراتیژی" چونكە ئاو كەبەگرنگترین شت دادەنرێت، كەوتۆتە خاكی كوردەوە. نەوتیش كە بۆ ئەوروپاو ئەمریكاو ژاپۆن بەمەسەلەیەكی حەیاتی دادەنرێت، بەشێكی زۆری لەخاكی كورددایە، بەڵام چونكە كورد لەم هاوكێشە ئیقلیمییەدا دەوڵەتیان نییە، ئەوا بێگرنگیدان دەمێننەوە، لەم سۆنگەیەشەوە ئەگەر ئەمریكا ناچاربێت لەنێوان كوردو عەرەبو توركو فارسدا لایەنێك هەڵبژێرێت، ئەوا كورد هەڵنابژێرێت، بەڵكو ئەوانیتر هەڵدەبژێرێت.

چوارەم: لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتانەی لەناوچەكەدان هەر لەكۆنەوە دەوڵەتی مەركەزیی بوون، بۆیە قبوڵكردنی دەسەڵاتی مەركەزی بووەتە نەریتی زاڵ لەبیری خەڵكو لەكەلتووری سیاسی باودا، هەر قسەیەكیش لەبارەی نامەركەزییو ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی بكرێت، بەجوداخوازیو بانگەشەیەك بۆ دابەشكردنی ولات لەقەڵەمدەدرێت، بەم پێیەش بەخیانەتێكی نیشتمانی دادەنرێت، ئەمە لەكاتێكدا دەبینین هەموو دەوڵەتە بەهێزو پێشكەوتووەكان لەدنیادا فیدراڵین، كەچی زۆربەی دەوڵەتە لاوازو دواكەوتووەكان مەركەزین.

دەوڵەتی عیراق لەنۆی نیسان (ئەپریل)ی 2003 هەڵوەشایەوەو هەموو دامەزراوەكانی هەرەسیان هێنا، لەراستیشدا دەوڵەتەكە شایستەی هەرەسهێنان بوو و چاوەرێی ئەوەشی دەكرد، چونكە نەكوردو نەعەرەبو نەهیچ قەومییەت یان ئاین یان مەزهەبێك خێری لەدەوڵەتی عیراق نەبینیووە.

دەسەڵاتێكی مەركەزیی بەهێزو داپڵۆسێنەر، كودەتای سەربازی، پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ، هەموو



ئەو كۆڵەكانە ستوونی هاوسەنگیی ئەم دەوڵەتە بوون، نائارامیش بەهەموو شێوە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووریو دەروونییەكانییەوە باڵی بەسەر كۆمەڵی عیراقدا كێشابوو، ئەگە ولاتەكە لەهەندێك لەقۆناغەكانیدا كەمێك ئارامی بەخۆیەوە بینیبێت، ئەوا لەسایەی سیاسەتی ئاگرو ئاسندا بووە، ئێستاش سەرلەنوێ دەوڵەتی عیراق دادەمەزرێنرێتەوەو عیراقێكی نوێ بنیاتدەنرێت تاوەكو جێگیربێتو بالابكات.

## پێویستە چۆن بنیات بنرێت؟

-پاشەرۆژی عیراق بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە بەندە، عیراق ولاتێكی فرە قەومییەت، فرەئاینو فرە مەزهەبە، لەهەندێك ناوچەدا سەرنجی تێكەڵاوییەكی ئەوتۆ دەدرێت كەتەنانەت بەمەقاشیش لەیەكتری جیاناكرێتەوە، بۆیە دەبێت شێوەیەك لەپێكەوەژیانی ئاشتیانە بهێنرێتە كایەوە كەجێگەی رەزامەندی هەموو لایەك بێت.

ئەمەش بەرێككەوتن لەسەر پەیماننامەیەكی سیاسیو كۆمەڵایەتیو قانوونی لەنێوان ئەم قەومییەتو ئاینو مەزهەبانەوە دێتەدی بەجۆرێك كەگوزارشت لەئیرادەی هەمووان بكات نەك ئیرادەی زۆرینە، هەر زۆرینەیەك بێت چ نەتەوەیی یان ئاینی یان مەزهەبی، چونكە سەپاندنی ئیرادەی زۆرینە بێرەچاوكردنی ئیرادەی كەمینە عیراق بۆ تونێلێكی تاریكو ترسناك دەگەرێنێتەوە. دەبێت كوردیش پشتگیری داواكارییە رەواكانی هەموو قەومییەتو ئاینو مەزهەبەكان بكەن، تەنانەت ئەگەر كەمو بچووكیش بن، بەڵام نابێت خۆیان بكەن بەوەكیلی هیچ لایەنێكیان، چونكە ئەو قەومییەتانە چەندین خیاری سەربەستیان هەیە، ئەوان دەتوانن بچنە پاڵ مەركەز یاخود بچنە پاڵ هەرێمی كوردستانەوە، ئەگەر پێكەوەژیانیان لەگەڵ مەركەزدا هەڵبژارد، ئەوا كورد دەسەڵاتی ئیقراری مسۆگەركردنی داواكارییەكانیان یان رێگە لێگرتنیانی نابێت، ئەگەر پێكەوەژیانیش لەگەڵ هەرێم هەڵبژێرن، ئەوا پێویستە كورد هەموو داواكارییەكانیان بهێننەدیو ئامادەبن گرەنتی نێودەوڵەتییان پێشكەش بكەن.

ئەم پەیماننامە سیاسیو كۆمەڵایەتیو قانوونییە دەبێت ئیرادەی كوردی تێدا رەنگبداتەوەو مافو داواكارییەكانیان مسۆگەر بكات، بەمە عیراق لەكێشەیەك دەربازی دەبێت كە لەدامەزراندنی دەوڵەتەكەیەوە تاوەكو رووخانی بەدەستییەوە ناڵاندوویەتیو بووەتە مایەی بەهەدەردانی توانا مرۆییو ئابووریو سیاسییەكانی دەوڵەتی عیراق.

## پەیوەندیی لەنێوان هەرێمو مەركەزدا

-ئەگەر دەسەڵاتی مەركەزیی لەبەغدا وەكو ئێستای بەبێ هیچ گۆرانێك بمێنێتەوە، ئەوا چۆن پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا رێكدەخات؟

-ئەگەر هەر پارێزگایەكی عیراق ببێتە ناوچەیەكی فیدراڵ، ئەوا كوردستان چۆن دەبێت؟ ئایا بەدۆخی ئێستای دەمێنێتەوە، یان ئەمیش دەبێتە چەند پارێزگایەك؟

-ئەگەر هەموو عیراقی عەرەبی ببێتە ناوچەیەكی فیدراڵ، ئەوا چۆن پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستانو هەرێمی عیراقی عەرەبی رێكدەخرێت؟

-ئەگەر عیراقی عەرەبیش ببێتە چوار هەرێمی فیدراڵ" بەغدا، فوراتی ناوەند، ناوچەی باشوور، ناوچەی رۆژئاوای كوردستانیش ببێتە هەرێمی پێنجەم، چۆن پەیوەندی نێوان ئەم پێنج هەرێمە رێكدەخرێت؟

هێشتا هیچ كام لەم ئەگەرانە لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی حوكمو لەناو عەرەبی عیراقدا یەكلانەكراونەتەوە، بۆیە پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستانو بەغدا هێشتا روون نییە، لەبەرئەوە لەهەندێك بەیاننامەدا تێبینی شێوازی (لەگەڵ رەچاوكردنی ئەو دۆخەی لەكوردستاندا هەیە) دەكەین.

**دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم چییە؟ دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەمۆركردنی رێككەوتننامەی ئابووریو بازرگانیو كەلتووریو لەبەكارهێنانی سامانە سروشتییەكانو پاراستنی گەلی كورددا چییە؟**

## دەسەڵاتەكانی هەرێم:

*پێویستە مەركەز بەرەسمی دان بەحكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنێتو حاڵەتی (دۆخی ئەمری واقیع) بكات بەحاڵەتی (دۆخی قانوون). ئەو دەسەڵاتانەی كە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانو حكومەتی هەرێمی كوردستان پیادەیان دەكرد وەكو خۆیان بمێننەوە، تەنیا كاروباری دەرەوە نەبێت، لەمەشدا پێویستە راوبۆچوونی كورد لەهەموو ئەو رێككەوتنو پەیماننامانەدا رەچاوبكرێت كەبەناوی عیراقەوە مۆردەكرێت. لەكوردستانیش ئەولەویەت بۆ ئەو قانونە دەمێنێتەوە كەئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان دەریكردوونو دەریاندەكات، هەر قانونێكی مەركەزیش كەرەزامەندی پەرلەمانی كوردستانی لەسەر نەبێت، لەهەرێمدا كاری پێناكرێت، پەیوەندی نێوان هەرێمو مەركەزیش لەرێی سەرۆك وەزیرانی مەركەزو سەرۆك وەزیرانی هەرێمەوە دەبێت، لەحاڵەتی بوونی ناكۆكییەكیش لەنێوان یاساكانی مەركەزو هەرێمدا، دادگایەكی دادوەریی تێكەڵاو یەكلایی دەكاتەوە.

## سنووری هەرێمی كوردستان كوێیە؟

*ئەم كێشە ئاڵۆزە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق یەكێك بووە لەگرێ كوێرەكانو مایەی ناكۆكی بووە لەنێوان سەركردەكانی كوردو حكومەتی مەركەزیدا، هۆكارێكیش بووە بۆ نەگەیشتن بەرێككەوتن لەنێوان هەردوولادا، حاڵی حازر ئەو ناوچەیەی كە لەساڵی 1992ەوە لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمدایە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ناوچەكانیتر دوو جۆرن، هەندێكیان هیچ ناكۆكیان لەسەر نییە كەناوچەی كوردنشینن، بەڵام هەندێكیتریان ناكۆكیان لەسەرە. ئەوانەی هیچ ناكۆكیان لەسەر نییە بخرێنە پاڵ هەرێمی كوردستان، بەڵام ئەوانی دیكە تاووتوێكردنیان بۆ دانوستاندنی پاشەرۆژ دوابخرێت.

بەعس دانی بەچەندین شوێندا نابوو بەخاكی كوردی لەقەڵەم دەدان، بەڵام بەبیانووی بوونی نەوت لەو شوێنانە یان بەبەهانەی پاراستنی عیراق لەپەلامارەكانی ئێرانو توركیاو هیتر، قبوڵی نەدەكرد بخرێنە پاڵ كوردستانەوە، بەو بیانووەی گوایە بەكارهێنانی نەوتو پاراستنی عیراق لەدەسەڵاتەكانی حكومەتی ناوەندین.

دەیان نەخشەی كۆنو ئامارو لێكۆڵینەوە هەن كەپشتگیری داواكارییەكانی كورد دەكەن، تازەترینیان نووسینەكانی بەرێز عەبدولرەزاق ئەلحەسەنیو دكتۆر شاكر خەصباك-ن كەهەردووكیان بەروونی سنووری كوردستانی عیراقیان دیاریكردووە.

## موڵكدارێتی سامانی سروشتی

*لەساڵی 1927ەوە نەوت لەكەركوك دەردەهێنرێت، لەهەندێك قۆناغدا بەرهەمەكە رۆژانە لەدوو ملیۆن بەرمیل زیاتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی كەركوكی بینیبێت دەزانێت یەك دۆلار لەداهاتی نەوتی كەركوك بۆ شارەكە خەرجنەكراوە، چونكە مەركەز بەتاڵانی دەبرد، وەنەبێت بەسرەو شارە دەوڵەمەندەكانیتریش وەزعیان لەكەركوك باشتربووبێت، بۆیە:

-پێویستە سامانی سروشتی سەرخاكی كوردستانو ئەوەی ناخی خاكەكەی مافی حكومەتی هەرێمی كوردستان بێتو پێویستە بەكارهێنانو دەرهێنانی لەدەسەڵاتەكانی حكومەتی هەرێم بێت، دەشبێت رێككەوتن لەسەر ئەو بەشە بكرێت كە بەمەركەز دەدرێت، ئەگەر مەسەلەكە پێویستیشی كرد، ئەوا دەكرێت حكومەتی هەرێمی كوردستان پاش رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان یارمەتی ناوچە هەژارەكان لەعیراقدا بدات، بەكارهێنانی دامەزراوە نەوتییەكانی كەئێستا هەن هەر لەدەسەڵاتەكانی مەركەزدا دەبێت، بەمەرجێك بەشی دانیشتوانی هەرێم بەگوێرەی ژمارەیانو بەپێی چەند پێوەرێكی تایبەت بدرێت تاوەكو قەرەبووی زیانەكانی پێشوویان بكرێتەوە.

## پاراستنی ئاسایشی كوردستان

*جاران مەترسیو هەرەشەكان بۆ سەر گەلی كوردستان هەمیشە لەناوەوەی عیراقو لەسوپای عیراقو دامودەزگا ئەمنییەكانەوە نەك لەدەوڵەتانی بیانییەوە سەرچاوەیان دەگرت، بۆئەوەی تراژیدیاییەكانی رابردوو دووبارە نەبنەوەو لەپێناوی ئەوەی گەلی عیراق لەئێستاو لەئایندەشدا لەسەلامەتی گیانو ماڵو موڵكیان دڵنیابن:

-پێویستە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان بەحكومەتی هەرێم بسپێردرێت، (پێشمەرگە) لەژێر ناوی پاسەوانانی نیشمانی یان پاسەوانانی سنوور یان هەر ناوێكیتر بكرێن بەهێزێكی نیزامی حكومی نەك حزبی، بەڵام لەسەر ئاستی تێكرای عیراقدا ئەوا ئەركی یەكەمی سوپا بریتی دەبێت لە:

أ-پاراستنی سنوورەكانی نیشتمان لەهەر دەستدرێژییەكی دەرەكی.

ب-بەشداریكردن لەكاروباری رزگاركردنو فریاگوزاری مرۆیی لەحاڵەتی روودانی كارەساتە سروشتییەكاندا، ئەمەش لەسەر داواكاری حكومەت دەبێت.

دیاریكردنی بودجەی بەرگریی لەناو بودجەی گشتی ساڵانە بەرێژەی (4%) دەشبێت وەزیری بەرگری كەسێكی مەدەنی بێتو نابێت سوپا دەست لەسیاسەتو كاروباری ناوخۆ وەربدات، نابێت لەوەرگرتنو سپاردنی پۆستە حەساسەكاندا بەهۆی نەژاد یان ئاین یان تایەفە یان رەگەزەوە جیاوازی بكرێت، ناشبێت سوپا ئەو فەرمانانەی فەرماندەیی سەربازی جێبەجێبكات گەر بێتو پێچەوانەی جارنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤو برگەكانی دەستووربن، بەپێچەوانەوە جێبەجێكار خۆی تووشی لێپێچینەوەو سزای یاسایی دەكات. پێویستە جموجۆڵی یەكە سەربازییەكان لەعیراقدا بەرەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانیو لەكوردستاندا پێویستە بەرەزامەندی پەرلەمانی كوردستان بێت.

## زمانی رەسمیی

*هەردوو زمانی عەرەبیو كوردی زمانی رەسمین، قانونی بنچینەییو دەستوورو قانوونە مەركەزییەكان بەهەردوو زمانی عەرەبیو كوردی دەنووسرێنو (الوقائع العراقیة) بەهەردوو زمانەكە بلاویان دەكاتەوە.

*دەستەواژەی كۆماری عیراق بەعەرەبیو كوردی لەپاسپۆرتەكاندا دەنووسرێت، هەروەك نووسین لەسەر دراوی عیراقی بەهەردوو زمانەكە دەبێت.

*عەرەبو كوردو توركمانو كلدۆئاشوورییەكان مافی ئەوەیان دەبێت زمانی تایبەتی خۆیان لەخوێندنگاو لەراگەیاندنو لەبۆنە تایبەتییەكاندا بەكاربهێنن.

## ئاینو دەوڵەت

*كوردستان لەرووی ئاینییەوە هەلومەرجێكی هەیە كە لەچەندین ناوچەكانی تری عیراق جیاوازە، چونكە لەكوردستاندا موسڵمان (بەسوننەو شیعە) هەنو مەسیحی بەمەزهەبە جۆراوجۆرەكانیان هەنو ئێزدییەكانو كاكەییەكان پێكەوە دەژین. بارودۆخی كۆمەڵایەتی-ئاینی لەسلێمانی جیایە لەبارودۆخی كۆمەڵایەتی-ئاینی لەنەجەف، نابێت هیچ لایەنێك هەلومەرجی خۆی بەسەر لایەنەكەیتردا بسەپێنێت، بەڵكو دەبێت هەر لایەنێك رێز لەتایبەتمەندییەكانی لایەنەكەیتر بگرێت.

## نەهێشتنو سرینەوەی شوێنەواری تەعریب

*هەر هاووڵاتییەكی عیراقی مافی نیشتەجێبوونی لەهەر شوێنێكی عیراقدا هەیەو بۆی هەیە لەوەزیفە حكومییەكان یاخود كەرتی تایبەتدا كاربكات، هەروەك مافی موڵكدارێتی خانوو زەوی كشتوكاڵیو دوكانو ئەنجامدانی پرۆژەی بازرگانی هەیە.

*هەموو ئەو بریارانە هەڵوەشێنرێنەوە كە (مەجلیسی قیادەی سەورە) یان لیژنەی باڵای كاروباری باكوور لەبارەی گۆرینی دیمۆگرافیانەی هەر ناوچەیەكی عیراقەوە دەریانكردبوو.

*هەر كەسێك دەست بەسەر زەویەكەی یان خانووەكەیدا گیرابێت یان لەكارەكەی بێبەشكرابێت، دەعواكەی بەشێوەیەكی قانونی بسەلمێنێت، تاوەكو ئەوەی بۆ بگەرێنرێتەوە كەلێی زەوتكرابوو.

*هەموو ئەوانەی ناچاربوون لەبەر هەر هۆیەك بێت، قەومییەت یان ئاینی خۆیان بگۆرن، بۆیان هەیە لەهەر پرۆسەیەكی ئامار كە لەولاتدا دەكرێت ئەمە راستبكەنەوە، مافی تەواویشیان هەیە بێشەرم یان ترس ناسنامەی نەتەوەیی راستەقینەو ئاینی خۆیان بنووسن.

داواكارییەكانی نەوەی نوێی كوردی عیراق زۆر زیاترە لەوانەی لەم وتارەدا هاتوون، بەڵام جێبەجێكردنی ئەم داواكاریانە لەپەیماننامەی كۆمەڵایەتیو سیاسیو قانوونی عیراقی نوێو چەسپاندنی لەدەستووری عیراق بەگرەنتییەكی نێودەوڵەتی، دەبێتە سەرەتای قۆناغێكی نوێ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

دەیان نەخشەی كۆنو ئامارو لێكۆڵینەوە هەن كە پشتگیری داواكارییەكانی كورد دەكەن، تازەترینیان نووسینەكانی بەرێز عەبدولرەزاق ئەلحەسەنیو دكتۆر شاكر خەصباك-ن كەهەردووكیان بەروونی سنووری كوردستانی عیراقیان دیاریكردووە

لەساڵی 1927ەوە نەوت لەكەركوك دەردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی كەركوكی بینیبێت دەزانێت یەك دۆلار لەداهاتی نەوتی كەركوك بۆ شارەكە خەرجنەكراوە، چونكە مەركەز بەتاڵانی